www.kurdistannet.org
3-10-2006 19:51بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## وەزیری شەهیدوئەنفال تەنها هەڵەیەکی زمانەوانیکرد. ... عومەمحەمەد

لە پاش کۆنفرانسەکەی وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوانەوە و لەسۆنگەی هەڵەیەکی زمانەوانییەوە چەندین ووتارو قسەی توند ئاراستەی وەزیری شەهیدان و ئەنفالکراوان کەوتنە سەر روپەری رۆژنامەو گۆڤارەکان، بەداخەوە ئەم هەڵە زمانەوانییە ئەوەندی نەدەهێناو کە بووش گرنگ بوو لە پێش شەهیدانەوە رێزگرتن لەمرۆڤ و مافەکانی ببینە مەرجی یەکەمی هەر بەرێزێك لەمبارەیەوە قسەیانکردووە، لەلایەکی تریشەوە زۆربەی ئەو بەرێزانەی لەم بارەیەوە نوسیویانە، پێموانیە لە کۆنفرانسەکە ئامادە بووبن، من لێرەوە دەمەوێت تەنها داکۆکی لە چنار سەعد بکەم، هیوادارم کەس نان و پیاز بەم نوسینەوە نەخوات و خوێندنەوەیەکی وای لێنەکەوێتەوە کەمن پاساو بۆدەسەڵات بهێنمەوە، بەپێچەوانەوە بەرپرسانی ئەم وڵاتە ئەوەندە رەفتاری دزێوو دزی و فزی و گەندەڵی و پێشکلکاریان کردووە، جورئەتێکی زۆرم کردووە کە بەهۆی ئەم کێشەیەوە، وێراومە داکۆکی لەبەرپرسێك یان لەوەزیرێك بکەم، بەڵام خۆ بەرپرسانی ئەم وڵاتەش مرۆڤن و مافی ئەوەیان هەیە، داکۆکی لە خۆیانبکەن و داکۆکیان لێبکرێت، بەتایبەتی ئەگەر تۆمەتێکی نارەوایان بخرێتە پاڵ یان بە هەڵە تێگەیشتنێك هەبێت، بەرلەوەی بچمە سەر داکۆکییەکەم لە وەزیری شەهیدو ئەنفال دەمەوێت ئەوە بڵێم کەوا جێگەی پرسیارمە کۆمەڵگەیەکی وەکو ئێمە لەحاڵەتی بنیاتنانەوەدا ئەوەندە بێحەوسەڵەبین لەبەرانبەریەکتریدا، سەیرە کەسێك لەناو واقعێکی وەك ئەم کۆمەڵگایەدا گوێی خۆی لە خروقاتە گەورەکان بخەوێنی، بەڵام لەسەر کێشەیەکی بچوك قیامەت بخولڨێنی، پێمناخۆشە "رەخنە گرەکان"ی هێندە کورت بین بن ئەم هەموو نا عەدالەتییە بەپێش چاوانەوە دەگوزەری، کەچی ئەلفێك نالێن، بەداخەوە دەبینم هەموو پیرەژنە ئەنفالکراوەکانی گەرمیان و بادینان لە تینوابخنکێن زۆربەی رۆشنبیران ئۆفێك ناکەن!! کەچی لەسەر هەڵەیەکی زمانەوانی وەزیری شەهیدوئەنفال دەیانەوێت قیامەتێك دروستبکەن و ببنە کارەکتەری داکۆکی لە شەهیدان، من زۆر بەراشکاوی دەیڵێم ئەگەر کەسێك رێز لەمرۆڤی زیندوو نەگرێت گێلێتیە چاوەروانی ئەوەی لێبکەیت رێز لە مرۆڤە مردووەکان (شەهید) ەکان بگرێت. ئەگەر قسە لەسەر پیرۆزی شەهیدە ئەوا بەرلەوەی چنار سەعد ئەو پۆستە وەربگرێت، سوکایەتی زۆر بەشەهیدان و کەس و کاری کیمیاباران و ئەنفالەکانکراوە، بەلای کەمەوە چەندین جاش و پیاو خراپ کراونەتە شەهیدو لەلیستی شەهیدان ناونوس کراون و لە کۆنفرانسەکەشدا وەزیری شەهیدو ئەنفال بریاریدا بەدوای ئەو ناهەقییەدا بچێت، پێمخۆشە بزانم هەتا ئەمرۆ بۆچی لەم سوکایەتی پێکردنە بێدەنگ بوون. !! بەڵام لە هەڵەیەکی زمانەوانی خۆش نابن!!خۆ ئەو کاتە لەبری وەزیرێك دو وەزیرو لەبری حکومەتێك دوو حکومەتی کوردی هەبوو.

بەهەرحاڵ من لە بارەی هەڵەزمانەوانییەکەی وەزیری شەهیدو ئەنفالکراوانەوە، تەنها لەپێناوی دەرخستنی راستیدا قسەدەکەم، هەرگیز پێموانیە "چنار سەعد" لایەقی ئەو سوکایەتی پێکردنە بێت، لەبەرئەوەی بەمرۆڤێکی جدی دەزانم و مرۆڤی جدیش ئەمرۆ لەحکومەتی کوردیدا نەك هەردەگمەنە، وەك دەلێن دەبێت وەك دەرمانی چاوان بۆی بگەڕێیت، بەبروای من ئەم مرۆڤە دەگمەنانە هەقی ئەوەیان بەسەرمانەوە هەیە جدی بین لەگەڵیاندا و رێزی شایستەی خۆیان لێبگیرین، دەنا چنار سەعد نەخزممەو نەهاورێمەو نەد پێشتریش ناسیومە، بەڵکو منیش وەك هەر یەکێك لەو بەرێزانەی تر لەکۆنفرانسەکە بووم و ئاگاداری پرۆژەو پێشنیارو گفتوگۆکان بووم، لێرەدا مەبەستیشم تەنها دەرخستنی حەقیقە تەکەیەوبەس، هەست دەکەم غەدر لەمرۆڤێك دەکرێت کە دەخوازێت یان هەوڵدەدات بە خەمێکی زۆرەوە کاربکات و خزمەتی کەس و کاری ئەنفالکراوان و شەهیدان بکات، بۆیە

ویژدانم رێگەم پێنادات و بەتاوانی دەزانم لەخۆرایی یان بەهەڵە لەکەداربکرێت و لێی بێدەنگ بم، جا ئەو مرۆڤە هەرکەسێك بێت، وەزیر بێت یان گزیر، چنار بێت یان پاسەوانەکەی بەلامەوە گرنگ نییە. من رەخنەیەکی زۆرم لە سیستەمی دابەشکردنی موچەو ئەو فەرقە زۆرە هەیە کە لەنێوان موچەی شەهیداندایە هەیە، ئەگەر بەهەڵە نەچووبم یەکەم کەس بووم کە لەکۆنفراسەکەدا رەخنەم لە جیاوازی نێوان موچەی شەهیدان گرت، ئێستاش بەلامەوە ناشرینە موچەی شەهیدان لە نێوان 900، 000 بۆ 250، 000 هەزار دیاری بکرێت، چونکە ئەم پۆلێنکردنە بەرلەوەی هەرشتێك بێت رێزنەگرتنە لەکەس و کاری شەهیدان، جیاوازی کردنە لەنیوان ئینسانەکان، پێموابی هەر درێژەی ئەم موناقەشەیەش بوو کە چنارخان ووتی (چۆن جیاوازی نیە لە نێوان شەهیدێکی سەنگەرو شەهیدێك بەسودفە لەجێگەیەك تەیارە لێیدابیو شەهید بووبی، ئەبەدەن کەم و زۆر پەیوەندی بەشەهیدانی کیمیابارانی هەلەبجەوە نەبوو) هەرئەو ساتە من ئەم دەربرینەی وەزیری شەهیدو ئەنفالم بە هەڵەیەکی زمانەوانی زانی و هەتا ئێستاش هەرواى تێدەگەم، نەك سوکایەتی بە شەهید کراوان، بەدڵنیاییەوە ئەگەر وەزیری شەهید و ئەنفال مەبەستی سوکایەتی بوایە ئەگەرمنیش لێی بێدەنگ بومایە چەندین بەرێزی تر کە لە کۆنفرا نسەکەدا ئامادەبوون، لەو بروایەدانیم لە وەها دەربڕینێك بێدەنگ بوونایە، گریمان ئەم هەڵەیەشی کرد چنار سەعد یان هەر مرۆڤێکی تر قابیلی سوکایەتی پێکردن نیە ئەوەندەی قابیلی لێبوردنە، لەبەر ئەوەی هەڵەیەکی زمانەوانی کردووە، نەك تاوانێکی ئەنجامدابێت، بۆیە دەبێت هەمووومان بەولۆژیکە قایل بین، کەوا گێلێتییە لە پێناوی مردووەکاندا سوکایەتی بەزیندوان بکەین، بەشێوەیەکی رونتر بڵێم کەسێك جورئەتی ئەوەبکات سوکایەتی بە مرۆڤێك بکات، بەلایەوە قورس نیە سوکایەتی بەشەهیدانیش بکات، چونکە ئەوەی مافی مرۆڤ و کەرامەتی مرۆڤی بەلاوە گرنگ نەبێت بەدڵنیاییەوە هەر شینێکی بۆ شەهیدەکان دەبێتە جۆرە خۆ نواندنێك، من هەتا ئێستا وای بۆدەچم چنار سەعد وەزیرێکە گوێدەگرێت و رێز لە بیرورا جیاوازەکان دەگرێت و هەوڵدەدات بەهەماهەنگی هەمووان کاربکات و بەکردەوەش هەندێك هەنگاوی ناوە، هەرلەم سۆنگە یەشەوە ئامادەم داکۆکی لێبکەم، هەتا ئێستا بەکەسێکی خەمخۆری دەزانم و لەزۆر شوێنیش ئەم حەقیقەتەم ووتووەو زۆرکەسیش وەکو من ئەم راستییە دەزانن، بۆیە هیوام وایە وەزیری شەهیدوئەنفال لەکارەکەیدا هەر بەوخەمخۆرییەوە بمێنێتەوە، هیوادارم جدی تر لەخەمی کەس و کاری شەهیدان و ئەنفالکراواندا ببینم و ئەم داکۆکییەم پەشیمانی لەدوا نەبێت و کەسیش بە ئەحمەق ناونەبات چونکە ئەوانەی لەسەریشیان نوسیوە هەرمرۆڤن و قابیلی هەڵە کردنن. ماوەتەوە بلێم گرنگ نیە هەلەبکەین، بەڵام گرنگە ئەگەر هەلەمانکرد بتوانین لە گفتۆگۆدا ئینسانیانە رەخنە بگرین و ئینسانیانەش رەخنەکانمان ئاراستەی یەکتر بکەین.